پاش چواردە ساڵ زیندانی سزای لەسێدارەدانی مامۆستایەکی ئایینی کورد جێبەجێکرا

پاش چواردە ساڵ زیندانی سزای لەسێدارەدانی مامۆستایەکی ئایینی کورد جێبەجێکرا.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو بڵاویکردەوە، بەرەبەیانی ئەمڕۆ سێشەممە (23ـی کانونی دووەمی 2024)، سزای سێدارەی فەرهاد سەلیمی، بەندکراوی مەزهەبی کورد و خەڵکی سەقز، لە بەندیخانەی قزڵحیساری کەرەج جێبەجێکرا.

دوێنێ دووشەممە فەرهاد سەلیمی، بە مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان، بۆ زیندانی تاکەکەسیی گوازرا بۆوە.

فەرهاد سەلیمی، زیندانییەکی سیاسیی کوردی خەڵکی سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ماوەی 14 ساڵە بە کۆمەڵێك تۆمەتی وەك ”موحاڕەبە“، ”فەساد لەسەر زەوی“، ”هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی“، ”ڕاگەیاندن لە دژی ڕژێم“ و ”ئەندامەتیی لە گرووپە سەلەفییەکاندا“، زیندانیی کرابوو و ئەمڕۆ سێشەممە حوکمی لەسێدارەدانی سەپێندرا.